HELLENIC REPUBLIC
Ministry of Interior and
Administrative Reform

Asylum Service

EASO

UNHCR
The UN Refugee Agency

# تۆمارکردنی بەرایی:

لە نێوان کۆتایی مانگی ئایار (مەی) و کۆتایی تەمووزی 2016، دەستەیەک لە بەشی خزمەتگوزاری پەنابەری سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن لە لەوێدا پەنابەران و کۆچبەران لە وڵاتی یۆنان دەژین. لەم کاتەدا، تۆ دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت لەلای بەرپرسان بۆ پەنابەری لە یۆنان یان هەر بڕاردەیەکی تر کە بۆ تۆ هەیە. ئەم پرۆسەیە پێی دەوترێت "تۆمارکردنی بەرایی.
ناچار نیت تۆمارکردنی بەرایی جێبەجێ بکەیت. تۆ مافی هەڵبژاردنت هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا. تۆمارکردنی بەرایی یەکەم هەنگاوە بۆ داواکاری پەنابەری لە یۆنان، دیداری دووبارە لەگەڵ خێزان یان ڕاگواستنی شوێن.
هیچ سنوورێک نییە بۆ ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەتوانن تۆمارکردنی بەرایی جێبەجێ بکەن. شوێنێک کە تۆ تێیدا دەژیت کاریگەری نییە لەسەر کاتی دیداری دواتری تۆ. هەر بۆیە، پێویستە لەم شوێنەدا بمێنیتەوە کە لە ئێستادا تێیدا دەژیت مەگەر ئەوەیکە حکومەت بە تۆی وتبێت کە بگوازییەوە. ئەگەر خۆت بگوازییەوە بۆ شوێنێکی تر، لەوانەیە خزمەتگوزاری پەنابەری تۆمارکردنی بەرایی بوەستێنێت. هەر یەک لەم کەسانە ئەم دەرفەتەیان هەیە کە تۆمارکردنی بەرایی ئەنجام بدەن!
سەبرت هەبێت و ڕێنماییەکانی دەستەکە ڕەچاو بکەیت. گەر توندوتیژی یان رەفتاری هێرشبەرانەت هەبێت، خزمەتگوزاری پەنابەری لەوانەیە تۆمارکردنی بەرایی بوەستێنێت.

**لە کوێ دەتوانی تۆمارکردنی بەرایی ئەنجام بدەیت:**
خزمەتگوزاری پەنابەری ناوەندەکانی تۆمارکردنی کاتی لە هەندێک شوێنە فەرمییەکان دەکاتەوە.
گەر تۆ لە یەکێک لەم شوێنانە دەژیت، لەم شوێنە تۆمار دەکرێیت.
ئەگەر لە نزیک شوێنێکی فەرمی دەژیت، بە پاس دەبردرێیتە نزیکترین ناوەندی تۆمارکردنی بەرایی. پاش ئەوە، پاسێک تۆ دەتگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی ژیانەکەت.
گەر تۆ لە گوند یان ئاوایییەکی بەدەر لەم شوێنانەدا دەژیت، بۆنموونە لە شوققە یان هۆتێل، دەکرێ بۆ کۆرسێکی کاتی سنووردار لە ناوەڕاستی تەمموز (جوولای) لە ئەسینا و تەسالۆنیکیدا تۆمارکردنی بەرایی جێبەجێ بکەیت. زۆر زوو شوێنی ڕێکی ئەو ڕادەگەیێندرێت. تۆ دەبێ خۆت بڕۆیە ئەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ لە ڕێگەی سکایپەوە تۆمارکردنی بەرایی خۆت درێژە پێبدەیت.
هەر لەو ڕۆژەدا کە تۆمارکردنی بەرایی جێبەجێ دەکەیت، کارتێکی پەنابەریەتیت پێدەدرێت، کە ڕێگەت پێدەدات تاکوو ئەو کاتە کە بڕیاری کۆتایی دەردەکرێت لەسەر داواکاری پەنابەریەتی تۆ، بە شێوەی یاسایی لە یۆناندا بمێنییەوە.

**گەر ئێستاکە کارتی پەنابەریەتیت هەیە، پێویست ناکات دیسان تۆمارکردنی بەرایی ئەنجام بدەیت!**

# قۆناغی 1 – ئامادە کاری

- یەک یان دوو ڕۆژ بەر لە دەستپێکی تۆمارکردنی بەرایی بۆ ئەو کەسانەکە کە لە شوێندادا دەژین، دەستەیەکی بچووک دەڕواتە ئەوێ. ئەوان بۆ یارمەتیدان بۆئامادەکردنی تۆمارکردنی بەرایی و وەڵامدانەوە بۆ پرسیارەکان لەوێدا ئامادە دەبن.

- گەر دەتهەوێ تۆمارکردنی بەرایی جێبەجێ بکەیت، تۆ و خێزانەکەت دەبێ ڕیز بن بۆئەوەی مەچکبەستێک وەربگریت. هەموو ئەندامانی خێزان دەبێ بۆ ئەم ئیشە کۆ ببنەوە. ئەم مەچکبەستە ژمارەیەک، بارکۆدێک و ڕێکەوت و کاتی تۆمارکردنی ناوی تۆی تێدایە. پێدانی ئەم مەچکجەستە تەنیا بەم هۆیەیە کە دیاری بکات کێ و کەی تۆمارکردنی بەرایی جێبەجێ کردووە. بۆ تۆمارکردنی بەرایی ئەم مەچکبەستەت پێویستە. مەچکبەستەکە فڕی مەدە!

- لە هەندێک لە شارەکان. لەوانەیە کەسانێک ببینیت کە مەچکبەستی ئەوان ڕەنگی جیاوازە. ڕەنگە جیاوازەکان بۆ شوێن و ڕۆژە جیاوازەکانە کە تاکەکان تۆمارکردنی بەراییان جێبەجێ کردووە. ئەم ڕەنگانە واتایەکی تریان نییە.

# قۆناغی 2 – هاتن

- گەر تۆ لە شوێنێک ناژیت کە تۆمارکردنی بەرایی تێدا ئەنجام دەدرێت، بە پاس دەبردرێیە ئەو شوێنە. پێویستە هەموو ئەندامانی خێزان بە یەکەوە سواری پاسەکە بن.

- پێویستە هەموو بەڵگەکانت لەگەڵدا بێت بۆ شوێنی تۆمارکردنی بەرایی. بۆ نموونە پەساپۆرت، ناسنامە(هەویە)، بەڵگەی زەواج، بڕوانامەی شۆفێری، و لەهەمووی گرنگتر **یاداشتی پۆلیسی** خۆت. کاتێک ڕەوتەکە دەستپێدەکات، تۆ ناتوانیت ئەو بەڵگانەی لەبیرت چووە بیانهێنیت دیسان پێشکەش بکەیت.

- چەقۆ یان کەلوپەلی مەترسیدارت پێ نەبێت. پاسەوانەکان  لە ناوەندی تۆمارکردنی بەرایی تۆ بە ئامرازی دۆزینەوەی کانزا پشکنین دەکەن و کەلوپەلی مەترسیدارت لێ وەردەگرن.

- هەر یەکسەر پاش هاتنەژوور، دەبێ بڕۆیت بۆ ژووری چاوەڕێکردن. هەموو ئەندامانی خێزان دەبێ لە پەنا یەکتر بن. لە ژووری چاوەڕێکردندا، هەندێک فەرمانبەر ئامادەن کە وەڵامی پرسیارەکانت دەدەنەوە.
- کەسێک  پشکنین دەکات ئاخۆ مەچەکبەست و یاداشتی پۆلیست هەیە یان نا. ئەگەر کێشەیەک بوونی هەبێت، ئەوان تۆ ڕەوانەی لای یەکێک لە ئەندامانی دەستە دەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک.
- لە ڕۆژی تۆمارکردنی بەرایی ئاو دەخرێتە لەبەر دەستی هەموو کەسەکان. تۆ تەنیا چەند کاتژمێرێک لە شوێنی خۆت دوور دەبێوە، بەڵام گەر وا بیر دەکەیوە پێویستت بە خۆراک یان کەلوپەلی ترە (شیری منداڵ و هتد)، لەگەڵ خۆت بیانهێنە.

- کاتێک دەڕۆیتە ژووری چاوەڕێکردن، سێ بژاردەت هەیە:

  - بژاردەی 1: ئەگەر داواکاری پەنابەریت هەیە لە یۆنان، دەتهەوێت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ دیداری دووبارە لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی خۆشەویستی خێزان کە لەیەکێک لە وڵاتانی ئەورووپی ترە، یان گەر دەتهەوێت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ گواستنەوە بۆ وڵاتێکی ئەورووپی تر، پێویستە چاوەڕێ بکەیت بۆ ئەوەی سەرەی تۆ بگاتێ و بڕۆیت بۆ ژووری وەرگرتن.

  - بژاردەی 2: گەر ناتهەوێ داواکاری پەنابەریەتی، دوبارەکردنەوەی دیدار لەگەڵ خێزان یان ڕاگواستن بکەیت، بەڵام دەتهەوێ زانیاری لەسەر گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت یان تۆمارکردن بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت وەرگریت، دەبێ بڕۆیە بەشی ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کۆچبەری (IOM).

  - بژاردەی 3: دەکرێ داوای یارمەتی بکەیت، تەنانەت گەر نەتهەوێ تۆمارکردنی بەرایی جێبەجێ بکەیت. کەوایە قسە بکە لەگەڵ فەرمانبەرانی ژووری چاوەڕێکردن. ئەوان دەتوانن پێت بڵێن کە مەرجەکانی یارمەتیدان چییە و لەکوێ دەکرێ یارمەتی وەربگریت.

# قۆناغی3 - بەش پێشوازی

- هەموو ئەندامانی خێزان پێویستە لەگەڵ یەکتر برۆن بۆ بەشی پێشوازی(وەرگرتن)

- یەکێک لە ئەندامانی تۆمارکردنی بەرایی ناوی بارکۆدی سەر مەچەکبەستی تۆ سکان دەکات و نیشانەیەکی ڕەش لەسەر مەچەک بەستی تۆ و مەکبەستی هەموو ئەندامی خێزانی تۆ دەکێشێت. ئەمە یانی تۆ بۆ تۆمارکردنی بەرایی هاتوویت و کەسێکی تر ناتوانێت مەچەکبەستی تۆ بەکاربێنێت. هەروەها ئەوان پشکنینی ناو و یادداشتی پۆلیسی تۆ دەکەن. ئەگەر پرسیار یان گرفتێکت هەبێت، ئەوان تۆ دەنێرن بۆ مێزێکی دیکە و لەوێ کەسێک ئامادەیە بۆ ئەوەیکە چارەسەرت ئاراستە بکات.

- پاشان دەبێ لە ژووری چاوەڕێکردنی دووەم چاوەڕێ بمێنیت.

- کاتێک چاوەڕێ دەکەیت، ئەندامانی دەستە بۆت ڕوون دەکەنەوە کە تۆمارکردنی بەرایی چۆنە دەچێتە پێشەوە و پاش کۆتایی هاتنی پرۆسەکە چ ماف و ئەرکێکت هەیە.

- کاتێک دەبێتە سەرەی تۆ، یەکێک لە ئەندامانی دەستە پەیوەندیت پێوە دەکات و تۆ دێنێت بۆ وتووێژ(موقابیلە).

HELLENIC REPUBLIC
Ministry of Interior and
Administrative Reform

Asylum Service

EASO UNHCR

# قۆناغی4 - پێدانی زانیاری

- فەرمانبەرێکی تۆمارکردنی بەرایی داوات لێدەکات بۆئەوەی زانیاری سەرەتایی لەسەر خۆت پێشکەش بکەیت و ئەم زانیاریانە لە کۆمپیۆتەرێکدا دەنووسێت. ئەم زانیاریانە بریتین لە ناو، تەمەن، نەتەوە، مۆبایل و هتد. فەرمانبەری تۆمارکردنی بەرایی ئەم زانیاریانە بۆ هەرکام لە ئەندامانی خێزان تۆمار دەکات. گەر بەڵگەی فەرمیت هەیە کە ئەم زانیاریانە پشتڕاست دەکانەوە، ئەوان پێشان بدە. بۆ نموونە، پاسپۆرت، ناسنامە، بەڵگەی زەواج و هتد. تکایە ڕاستگۆیانە وەڵامی پرسیارەکان بدەوە و هەر وردەکارییەک کە پێت وایە گرنگە، لەیاد مەکە.

- لە ماوەی هەموو وتووێژەکاندا، وەرگێڕێکی زارەکیت لەگەڵدا دەبێت. گەر لە پرسیارێک تێنەگەیشتوویت، یان گەر دڵنیا نیت چۆن دەبێ وەڵامی پرسیارەکە بدەیەوە، دەبێ بە فەرمانبەری تۆمارکردنی بەرایی بڵێیت.

- فەرمانبەری تۆمارکردنی بەرایی زانیارییەکانت لەگەڵ ئەو زانیاریانەدا هەڵدەسەنگێنێت کە لە بنکە داتای پۆلیسدا لە کاتی وەرگرتنی یاداشتدا نووسراون.

- لە ماوەی تۆمارکردنی بەراییدا هیچ بڕیارێک نادرێت لەسەر نیشتەجێبوونی تۆ لە یۆنان. ئەم بابەتە لە ڕێکەوتێکی تردا دیاری دەکرێت.

- گەر خێزانی نزیک (مێرد/ ژن یان منداڵی خوار 18 ساڵان)ت هەیە کە بە شێوەی یاسایی لە وڵاتێکی ئەورووپیدا دەژیت، دەبێ لە کاتی وتووێژدا ئاماژەی پێبکەیت. دەبێ بەڵگەیەک پێشان بدەیت کە یارمەتیت بدات وتەکانت بسەلمێنێت.

- گەر تەمەنت خواروی 18 ساڵانە و لەگەڵ دایک و باوکتدا گەشت نەکردووە، تکایە بە بەرپرسی تۆماکردنی بەرایی ڕابگەیێنە. لەگەڵ ئەوەشدا پێی بڵێ ئاخۆ کەسێک لە ئەندامانی خێزان بە شێوەیی یاسایی لە وڵاتێکی تری ئەورووپیدا دەژیت یان نا. حەتمین دەبێ تەمەنی یاسایی خۆت بڵێیت.

- گەر لە وڵاتانی سووریا، عێراق، کۆماری ناوەندی ئەفریقا، ئەریتریا، بروندی، کاستاریکا، سەنت وینێست و گەرەندینها، بەحرەین، ماڵدیو یان وڵاتانی بەدەر لە هەرێمی بەریتانیاوە دێیت، دەکرێ بەشداری بکەیت لە بەرنامەی ڕاگواستنی ئەورووپیدا. کەوایە، دەبێ بە فەرمانبەری تۆمارکردنی بەرایی بڵێیت ئاخۆ لەو ماوەیەدا کە داواکاری پەنابەریەتی تۆ لە وڵاتێکی تری ئەورووپیدا

لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرێت، پێتخۆشە لەو وڵاتەدا ژیان بەسەر بەریت یان نا. لەگەڵ ئەوەشدا دەستەبەری ئەوە ناکرێت کە ڕاگوێسترێیت و **ناتوانیت وڵاتێک هەڵبژێریت**. لیستەی ئەو نەتەوانە کە دەتوانن لە بەرنامەی ڕاگواستندا بەشداری بکەن لە مانگی تەمموز (جوولای)دا دەگۆڕدرێت. ڕوون نییە نەتەوەکان بە لیستە زیاد دەکرێن یان لە لیستەکە دەسڕدرێنەوە.

- فەرمانبەری تۆمارکردنی بەرایی پرسیاری بچووکت لێدەکات لەسەر هۆی ئەمەکە دەتهەوێ داواکاری پەنابەریەتی پێشکەش دەکەیت. ئەمە لە ڕۆژێکی تردا جێبەجێ دەکرێت. لە ڕێگەی کورتەنامەیەک بە ڕەقەم مۆبایلێک کە داوتە بە ئێمە، ڕێکەوتێکی چاوپێکەوتن لە خزمەتگوزاری پەنابەریەتیدا وەردەگریت. ئەم کورتەنامەیە پاش کۆتایی هاتنی تۆمارکردنی بەرایی لە هەموو شوێنەکان، ڕەنگە لە کۆتایی تەمووز (جوولای)دا، دەنێردرێت. زۆر گرنگە لە ڕۆژی چاوپێکەوتندا ئامادە بیت. **گەر بۆت نەکرێ لەرو کاتەدا ئامادە بیت، دەبێ لە ڕێگەی سکایپەوە کاتێکی چاوپێکەوتنی نوێ بگریتەوە و هەموو پرۆسەکە لە هەوەڵەوە دەست پێبکەیەوە.**

- گەر پرسیاری تر هەبێت، فەرمانبەری تۆمارکردنی بەرایی دەتوانێ داوا بکات لە تۆ یان یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەت بۆئەوەی لەگەڵ یەکێکی تر لە ئەندامانی دەستە لەسەر مێزێکی تردا قسە بکەن.

- فەرمانبەری تۆمارکردنی بەرایی وێنەیەک دەگرێت لە هەرکام لە ئەندامانی خێزان. لێچکە، کڵاو و چاوێلکەی خۆر نابێ دەموچاو داپۆشێت.

# قۆناغی5 - کارتی پەنابەریەتی تۆ

- پاش پێشکەشکردنی زانیارییەکان، تۆ دەڕۆیە ژوورێکی چاوەڕێکردنی سێهەم. کاتێک کە چاوەڕێیت، بەرپرسێکی خزمەتگوزاری پەنابەریەتی سەیری زانیارییەکانت دەکات و پشکنین دەکات بۆئەوەی هیچ لەیاد نەچووبێت. کەوایە ئەو یارمەتیت دەدات بۆئەوەی زانیارییەکان تەواو بکەیت.

- بەرپرسێک کارتی تۆ چاپ دەکات لە خزمەتگوزاری پەنابەریەتی و بانگت دەکات بۆئەوەی کارتەکە واژۆ بکەیت. هەرکام لە ئەندامانی خێزان کارتێک وەردەگرن. دەبێ هەمووکات ئەم کارتەت لەگەدا بێت. **کارتەکە ون نەکەیت، نایلۆنی بەسەردا نەکێشیت، لەسەری هیچ نەنووسیت. گەر ئەم کارتە ون بکەیت، دووبارە کارتت پێنادرێتەوە! گەر لە چاوپێکەوتنی دوایی لەگەڵ خزمەتگوزاری پەنابەریەتیدا ئەم کارتەت پێنەبێت دەبێ لە ڕێگەی سکایپەوە کاتی چاوپێکەوتنی نوێ بگرییەوە و ئەم پرسەیە سەرلەنوێ لە هەوەڵەوە جێبەجێ بکەیت.**

# قۆناغی6 - پاش تۆمارکردنی بەرایی

- گەر هەموو قۆناغەکانت بڕیوە، لەڕاستدا تۆمارکردنی بەرایی تەواو بووە. گەر لە شوێنێکدا دەژیت کە لەوێدا تۆمارکردنی بەراییت جێبەجێ کردووە، ئێستا دەکرێ بڕۆیە چادری خۆت.
- گەر لە شوێنێکدا دەژیت، دەبێ بە پاس بگەڕێیەوە بۆ شوێنی خۆت، تکایە پرسیار بکە لە بەرپرسی UNHCR کە پاس کەی و لەکوێوە وەرێ دەکەوێت. لەوانەیە پێویست بکات ماوەیەک چاوەڕێ کەیت. لەکۆتاییدا، کاتێک سواری پاس دەبیت بۆئەوەی بگەڕێیەوە شوێنی خۆت، یەکێک لە ئەندامانی دەستە مەچکبەستەکەت دەکاتەوە.
- کاتێک چاوەڕێی پاس دەکەیت، ئاوت دەکەوێتە بەردەست.

HELLENIC REPUBLIC
Ministry of Interior and
Administrative Reform

Asylum Service

# قۆناغی دواتر

- خزمەتگوزاری پەنابەریەتی کورتەنامەیەک بە ڕێکەوت و شوێنی چاوپێکەوتنی دواتر بۆ تۆ دەنێرێت لە خزمەتگوزاری پەنابەریەتیدا. ئەم کورتەنامەیە دەنێردرێت بۆ ئەو ڕەقەم مۆبایلە کە تۆ داوتە بە فەرمانبەری تۆمارکردنی بەرایی. ئەگەری ئەوە هەیە چاوپێکەوتنەکە چەند مانگ پاش تۆمارکردنی بەرایی جێبەجێ بکرێت چونکە هەزاران پەنابەر هەن کە هاوکات بۆ پەنابەریەتی لە یۆنان داواکاریان پێشکەش کردووە. ڕێکەوتی چاوپێکەوتنی تۆ لە نووسینگەی خزمەتگوزاری پەنابەریەتی گرێدراوی سێ شتە: 1) ڕێکەوتێک کە گەیشتوویە یۆنان، 2) زمانێک کە قسەی پێدەکەیت و 3) بۆ پەنابەریەتی لە یۆنان، دوبارەکردنەوەی دیدار لەگەڵ خێزان یان ڕاگواستن داواکاریت داوە.

- تۆ و هەموو ئەندامانی خێزانەکەت دەبێ هەموو چاوپێکەوتنەکانی خزمەتگوزاری پەنابەریەتیدا لەگەڵ یەکدا ئامادە بن.

- لە کاتی گۆڕینی ڕەقەمی مۆبایل یان ناونیشانی، دەبێ خزمەتگوزاری پەنابەریەتی ئاگادار بکەیەوە. ئەمە زۆر گرنگە کە پەیوەندیت پێوە بکەن و پێت بڵێن کە کەی سەردانی نووسینگەی پەنابەریەتی ناوچەیی بکەیت. تۆ دەبێ بۆ گۆڕینی ڕەقەمی مۆبایل یان ناونیشانی سەردانی نزیکترین نووسینگەی پەنابەریەتی ناوچەیی بکەیت.

- بێگومان دەبێ لە چاوپێکەوتنی خۆت لەگەڵ خزمەتگوزاری پەنابەریەتیدا ئامادە بیت. **گەر لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادە نەبیت، دەبێ لە ڕێگەی سکایپەوە چاوپێکەوتنێکی نوێ بگرییەوە و هەموو پرۆسەکە لەهەوەڵەوە دەست پێبکەیەوە.** لەگەڵ ئەوەشدا **دەبێ کارتی پەنابەریەتی خۆت لە چاوپێکەوتنی دوایی لەگەڵ خزمەتگوزاری پەنابەریەتیدا لەگەڵدا بێت. گەر خۆت یان یەکێک لە ئەندامانی خێزان کارتەکەی لەگەڵدا نەبێت، دەبێ لە ڕێگەی سکایپەوە چاوپێکەوتنێکی نوێ بگرێتەوە و هەموو پرۆسەکە لە هەوەڵەوە جێبەجێ بکەنەوە.**

گەر پرسیارت هەیە لەسەر ڕاگواستن، دەکرێ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەیت بە هێڵی تەلەفۆنی EASO. گەر نیشتەجێی باشووری یۆنان (نزیک بە ئەسینا)یت، پەیوەندی بکە بە ژمارە 38 91 82 44 69 30+. گەر لە باکووری یۆنان (نزیک بە تەسالۆنیکی)ت پەیوەندی بە ژمارە 98 45 76 89 69 30+. ئەم هێڵانەی تەلەفۆن لە ڕۆژی دووشەممەوە تاکوو هەینی کاتژمێر 9:00 بۆ 17:00 کراوەن.

- بەردەوام مافی قسەکردن لەگەڵ UNHCRدا یان ئەو ڕێکخراوانەت هەیە کە یارمەتی یاسایی، پزیشکی و دەروونناسی پێشکەش دەکەن.